# ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ کێ چاکەکار وئەمەکدار بم؟ فەرموودی: «دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، پاشان خزمە نزیکەکانت لە نزیکترینەوە هەتا هەموویان

لە بەهزی کوڕی حەکیمەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ کێ چاکەکار وئەمەکدار بم؟ فەرموودی: «دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، پاشان خزمە نزیکەکانت لە نزیکترینەوە هەتا هەموویان».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە لە پێشترین کەسێک باش بین بۆی وخزمەتی بکەین وجوانترین مامەڵەی لەگەڵ بکەین وبەردەوام خزمەتی بکەین: بریتیە لە دایک، پاشان جەختی لەسەر مافی دایک کردەوە لە پێش کەسانی تر و سێ جار دووبارەی کردەوە؛ لەبەر گرنگی فەزڵی بەسەر هەموو خەڵکیدا بەبێ جیاوازی. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی لە ڕوونکردنەوەی ئەوانەی دوای دایک دێن لە مافیان لەسەرمان: پاشان باوک، پاشان نزیکترین لە خزمان پاشان نزیکترین تا کۆتایی لە خزمەکانمان، وهەتا نزیکتر بێت مافی لەسەرمان زیاترە و لەپێشترە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58188

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee